# دووباره خۆ ڕێکخستنەوە

Re–Organisation

ئاسۆ حامدی

دوو باره خۆ ڕێکخستنەوە لە ڕێکخراو بوون دا مەسەلەیەکی بەردەوامی ڕیکخراو بوونە، جا چ دووباره ڕیکخراو بوونەکە تەنها لە ناوەوە بێ یان لە دەرەوە لە ئەنجامی لێکدانی لە گەڵ ڕێکخراوەی تردابێ.

هۆیەکانی خۆ ڕێکخستنەوە زۆر زۆرن، بەنموونە ڕەنگە لە ڕێکخراوە سەربازیەکاندا یان حزبیەکانیش دوای شکست و پێکدادان و بنبەست بوون بە ڕێکخراوی مەوجود دووباره دەبێ خۆیان ڕێکبخەنەوە بۆ هێرشەکانی ئایندەو بەردەوام بوونی یان لە کێشمە کێشەکاندا. ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی کورتی خۆ ڕێکخستنەوەیە. بەڵام بە مانای سیاسی و کۆمونیکەیشن هەرگیز ئەم مانایەی نیە، بەڵکو گەشەدان و پەرەسەندنە بە کەلتوور و ستراتیژ و ناوەندی زانیاریەکان و ستراکچەری ڕێکخراوەکانە. خۆڕێکخستنەوە یانی دووباره هێزو تین دانەوە بە ڕێکخراو و گەشەدان بە دینامیکیەتی ژیان و پەرەسەندنی، لێرە دەمانەوێ تیشک بخەینە سەرکۆمەڵێک مەسەلەی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی کە ڕێکخراوە و دام و دەزگاکان و پارتە سیاسیەکان ناچار دەکەن تا دووباره خۆیان ڕێکبخەنەوە، دواتر باس لە دووباره خۆڕیکخستنەوە دەکەین لە پەیوەند بە مەسەلەی گەندەڵی ئیداری و چالاککردنی ئۆرگانەکانی پارتێکی سیاسی.

## کاتەکان

ئەگەر بەم پرسیارە سادەیە دەست پێ بکەین کاتەکانی دووباره ڕێکخراوبوون کەی دەست پێ دەکەن، یان کەی دەبێ ڕێکخراوەو دام ودەزگاکان دەست بۆ دووباره ڕێکخراوبوون ببەن.

گرنگترین کات بۆ دووبارەی ڕێکخراوبوون بۆ ڕێکخراوە و دام ودەزگاکان و پارتە سیاسیەکان خالەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵگان، یانی ئەوکاتانەی کە پارتە سیاسیەکان لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕانە سەرەکیەکان دەبێ پێناسەی خۆیان بکەنەوە بۆ کۆمەڵگا و دەرووبەر. یان کاتێ پرۆسەکانی سیستەمی بەرهەم هێنان دەبێ بگۆڕێن. ئەمەی دوایی پەیوەندی بە چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. بەنموونە هەندێ لە کارگەو کارخانە هەردەم باوەڕی بە سیستەمی بەردەوامی خۆ ڕێکخستنەوە هەیە، بەنموونە پەیڕەوکردنی سیستەمی دانسی کورسیەکان کە ئەمە زۆرجار زۆر لە کۆمپانیاو دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ئاستی بەڕێوەبەران و کارگێڕانی پەیڕەوی دەکەن بەم سیستەمەش دەلێن سیستەمی سوڕان یان ئەو دەست ئەم دەست. یان بۆ کەمکردنەوەی بیرۆکراسی لە سیستەمەکانی بەڕێوەبردن و خێراکردنی کارەکان و پاشەکەوتکردنی کارمەندان و ئیمکاناتە ئابووریەکان.

لە حزبە سیاسیەکاندا بە شکڵی بەردەوام و بەبەرنامە لە کۆنگرەو پلینۆمەکاندا بە هۆشیاریەوە ئاڵوگۆڕ لە ئەندامانی مەکتەبەکانی ناوەندی و سیاسیدا دەکریت، سەرەڕای هەژموونی بەردەوامی کۆمەڵە کەسانێ بەسەر خودی ئەم مەکتەبانە کە دەبێتە هۆی سستی و ستاتیکی حزب لە ژیانی کۆمەڵگادا.

ڕەنگە زۆر کاریگەری تر هەبن و ئەمەش زۆر گۆڕاوەو بۆ هەر ڕێکخراو و دام و دەزگایەک و دەوڵەت و پارتە سیاسیەکان جۆراوجۆر بن. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ریفۆرمی ڕێکخراوەییە لە ژیانی

کۆمەڵگادا کە ئەمەش دەیان وەزعیەتی جۆراوجۆر بە وجود دێنێ یان کاریگەری لەسەر دەبێ.
بەنموونە لە کاتی ئیفلاسی کۆمپانیایەک و گرتنەوەخۆی کۆمپانیاکە لەلایەن کۆمپانیایەکی تر بە دەیان و هەزاران فونکشی لە دەست دەچن و لە دایک دەبن بەڵام هەردەم هەندێ قوربانی هەیە. کە ئەوانیش دەچنە ڕیزی سوپای بێکارانی گەلی کرێکارانەوە.
وەزعیەتی ئابووری و گەشەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەنموونە ئۆتۆماتیزیۆن و مۆبایلی بوونی بەرهەمەکان لە کۆمەڵگا ئەوا هەردەم ڕێکخراوە و دام دەزگاکان و پارتە سیاسیەکان بۆ تەوەرەی دووبارە ڕیکخراوبوون دەبەنەوە.

## سیفاتەکانی دووبارە ڕێکخراوبوون

دووبارە ڕێکخراو بوون چەندین سیفاتی باش و خراپیان هەیە لە مانە:
1. دووبارە تین و توانا بە ڕێکخراو و دام و دەزگاکان.
2. دانانی کەسانی شایستە لە شوێنی شایستەی کاروکارخانەکاندا.
3. نەهێشتنی یان کەمکردنەوەی بیرۆکراسی لە پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی ڕێکخراودا.
4. دینامیکەیەت و زیندوو بوونی ڕێکخراو بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو ئاڵوگۆڕەکان بێتەوە.
5. پاشەکەوتکردنی ئیمکاناتی ئابووری لە بەڕیوەبردنی ڕێکخراو و دام ودەزگاکاندا.
6. چالاککردنی ڕێکخراو لە هەموو مەیدانەکاندا، گەشەدان بە نوێخوازی و پەرەدان بە فرسەتی نوێ لە کارگەو کارخانەو دەزگاکانی حزبی دا.
7. گەشەدان بە کەلتوور و لە بەین بردنی کەلتووری کۆنی کار و پرۆسێسەکانی، هەموو حزب و ڕیکخراو و دام و دەزگایەک کەلتووری خۆیان هەیە کە لەئەنجامی ئاڵوگۆڕەکانی کار و ژیانیان بەدەست هاتوون. ئەم کەلتوورانە زۆرجار ڕیگرن لەبەردەم گەشەسەندنی ڕێکخراوەکان لە پراکتیک و دینامیکیەتیاندا.
8. زۆرجار دووبارە ڕیکخراو بوون دەبێتە هۆی لە دەستدانی زانیاری و تەجروبە و هەندێ شارەزایی گرنگ لە دەروونی ڕێکخراودا ئەمانە لە پەیوەندیەکانی دەرەوەی ڕێکخراودا زۆرجار بە ئاسانی دەکرێ ببینرین و کاریگەری خراپیان لەسەر ئاڵوگۆڕەکان دادەنێن و سیمای دەرەوەی ڕیکخراو ناشیرین دەکەن. ئەمە تەنانەت لە خودی فەردێکیش دا بێ ڕەنگدانەوەی هەیە.
9. بێکاری و مانەوەی زۆر لە تواناکانی کار لە دەرەوەی مەیدانی کار و چالاکیەکاندا.
10. هەندێ جار دووبارە ڕیکخراوبوون باوەڕ بە خودی ڕیکخراو و دام ودەزگاکاندا لە نێو خودی جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵکدا لاواز و بێ هێزدەکات، ڕابەرو کادیران و ئەندامان پێ ویستیان بە کاتێکی مناسب هەیە تا بتوانن دووبارە باوەڕ لە جەماوەر وەربگرنەوە.

## دووبارە خۆڕێکخستنەوە لە پەیوەند بە گەندەڵی بەڕیوەبردندا

لەوەتەی سیستەمی سەرمایەداری هەیە گەندەڵی بەڕێوەبردن گرفتێکی هەردەمی کۆمەڵگاکانە تەنانەت یەک لە سیفەتەکانی سیستەمی سەرمایەداریە، بەڵام لە هەر وولاتێ بە جۆرێ چارەسەر

کراوه یان دەکری، بەنموونە لە زۆر وولاتانی ئەوروپایی بە سیستەمی قەزایی چارەسەر دەکرێت یان بە دووبارەی ڕیکخراو بوون دا.لە وولاّتانێ کە قەزا ئازادی نیە بە سەرکوت و خەفەقان و توند و تیژی گەندەڵە گەورەکان کۆنترۆڵی گەندەڵە بچووکەکان دەکرێن. بەنموونە لە تورکیای وولاتی بە ناو دیموکراسی جگە لە میت و دەزگاکانی مخابەراتی ڕشوە ناخۆن و گەندەڵیان لێ قەدەغەیە لە تەواوی پۆلیس و سەرباز و مەئمورانی تر ئەوە ئاسایی و بەڵام کاتێ کەشف دەبن ئەوا سزای خۆیان وەردەگرن و بە ڕشوە لە زیندان نەجاتیان دەبێ!! یان لە ئیتالیا هەر لە برلسکۆنی تا کچە جوانەکەی مۆسۆلینی تاوانبارن بە گەندەڵی و کوڕەکەی کۆفی ئانان لە مەڕ برِیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک (عێراق) و کوڕەکەی شارۆنیش لە ئیسرائیل تاوانبارە بە گەندەڵی و لە هۆلەند مەسەلەی گەندەڵی بیناسازی و تەنانەت خوێندنی باڵاشی لە وولاّت گرتەوە. بەڵام لە وولاّتێکی وەکو هۆلەند لێکۆلینەوەی بێلایەنی بۆ سازکراو کەسەکان تووشی پرۆسەی دادگایی بوون.

لە کاتی گەشەی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی باری ئابووری و پرۆژە گەورەکاندا، دەوڵەت و فەرمانبەرە گەورەکان تەنانەت کاتی ئەوەیان نیە شیکاری دروستی پرۆژە گەورەکان بکەن، جا دوای دەست بەکاربوون یەکسەر وەزعیەتی ماددی و حساباتی دروست و دەست پێ دەکات و تێچوونی پرۆژەکان کەم و زیاد دەکات لە کاتی کەم کردن ئەوا دەبێ دووبارە پارە بۆ تەرخان بکرێت و لە کاتی زیادکردنیش ئەوا ناگەڕێتەوە خەزینەی دەوڵەت. ئەمە زەقترین شێوەی گەندەڵیە. لە لایەکی تر کە شێوەی تری جۆراوجۆری بە ئەنقەستی هەیە، جا ئەمەش لە ئەنجامی فرسەت وەرگرتن بە جێگاو ڕێگای لە دام و دەزگاکان.

دووبارە ڕێکخراوبوون ئەم فرسەتانە لە دەست کەسەکان دەستێنێتەوە لە لایەک گرفتی زیاد کردنی گەندەڵیشی هەیە ، چونکە بەڕێوەبەران خۆیان هەر دەزانن کەوا کاتین و لە ماوەیەکی کەم دا دەگۆڕدرێن، بۆیە هەوڵدەدەن گورزی خۆیان زوو بوەشێنن و دوای هەر لەم پایەدا نەمێنن گرنگ نیە.
ئەگەر داواکاری گشتی لە کۆمەڵگا کۆنترۆلی هەموو وەزعیەتەکان نەکات ئەوا تەنانەت قەزاش ناتوانێ هەموو کەیسێ ئامادەبکات. داواکاری گشتی دەبێ زۆر بە ئازاد و لە قازانجی کۆمەڵگا دا کار بکات.

ئەگەرچی لە لایەکی تر دووبارەی خۆڕێکخستنەوە دەتوانێ منافەسەیەکی زۆر لە نێوان بەرێوەبەران و مەسوولانی کۆمەڵگا دا دروست بکات تا بتوانن پلەکانیان بەرزتر ببێتەوە و بە دڵسۆز لە کۆمەلگا بناسرێن. بەڵام ئەم حاڵەتە بەهاکەی بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاوە بەندە.

ئەم مەسەلەیە لە کوردستان ڕەنگە ئەوەندە کاریگەری نەبێ چونکە تەواوی بەڕێوەبەران و دەسەڵات داران بە چەپ و ڕاست دەست لە ئیمکاناتی کۆمەڵگا ناپارێزن و داغانیان کردووەو دوایش داواکاری گشتی هیچ هیز و توانای نیەو ناتوانێ تەنها هیچ مافێ لە مافەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا بپارێزێ.

بەڵام لە دەروونی حزبەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا دەکرێ دووبارە خۆڕێکخستنەوە کاریگەری جدی هەبێ لەسەر نەمانی گەندەڵی و بەهەدەر دانی ئیمکاناتی ماددی حزب. هەندێ حزب هەیە لە کوردستان ئەگەر ئیمکاناتی گەورەترین بانکی دونیای بۆ دابین بکەیت ئەوا هەر گرفتی ماددیان هەیە. چونکە ناتوانن لەگەڵ خودی بەڕێوەبردن و لە ناوبردنی جۆرێ لە گەندەڵی هەلسوکەوت بکەن.

تەنانەت لە بنکەکانی حزبە چەپەکان کە لەسەرەتای خۆیاندان مەسوولەکان هەر نا سەفەرێ بە ئیمکاناتی ماددی دەکەن یان کۆڕێ لە وولاّتێ بۆخۆیان ئەنجام دەدەن...هتد. ئەمەش میراتی تەواوی

بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكانە لە نیزامی سەرمایەداری دا. تەنانەت لە هەندەران هەندێ لە ڕێكخراوە ئینسان دۆست و مرۆڤایەتیەكان گەندەڵیان تیادایەو هەندێ كەس بە ڕێكخراوی دیفاع لە مندالان و وێنەكانی هەلەبجەی شەهید و ئیمكاناتی قوتابخانەكانی زمانی كوردی لە ئەوروپا خۆیان دەولەمەند كردووە. خۆ ئەگەر بۆ لایەنی فەردی كەسەكان بچین ئەوا گەندەڵی مەودایەكی بەرینتری هەیە و مەسەلەی كاری ڕەش و ئیقامە فرۆشتنەوەو دوو موچە و دوو كەسایەتی، لە كوردستان دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند لە وولاتانی ئەوروپایی بێكارو داماو زماننەزان.هتدهتد. ئەمەشیان هەر ئەنجامی هەمان كەلتوور ومیراتە كە ئیدامەی هەیە. ئێستا كاتی ئەوە هاتووە بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی بۆ چاڵاككردن و گەشەسەندنی داواكاری گشتی و ئازادی قەزاكان لە كوردستان بە پراكتیك بكرێتەوە. هەر ئەمەش دەتوانێ بە یاسایی كۆمەڵگا گەشە پێبدا و ڕەگی گەندەڵی هەڵبكێشێ.

## خۆڕێكخستنەوە لە پەیوەند بە چاڵاككردنی ئۆرگانەكانی حزبێكی سیاسی

هەر حزبێكی سیاسی ئەگەر بەردەوام ئاگاداری ڕێكخراوەكانی نەبوو و دینامیكیەتی لە دەروونی دروست نەكرد و تەنهائامانجەكانی ڕێكخراو لە سەرووی هەموانەوە دانەنا لە جیاتی هەژمونی كەسەكان ناتوانێ لە گەڵ ئاڵوگۆڕەكان هەنگاو بنێت و بەرە پێشەوە هەنگاو بنێ و بتوانێ جەماوەرەكی بەهیز و پتەوی هەبێ.

خۆڕێكخستنەوە پرۆسەیەكی بەردەوامە لە ژیانی سیاسی حزبەكاندا.

هەموو ڕێكخراوەیەكی سیاسی چەندین دووری جیا جیایان هەیە، دووریەكان بریتین لە؛

- ستراتیژیەكانی ڕێكخراو كە بۆی تەشكیلكراوە.
- كەلتووری ڕێكخراوەیی.
- سیستەمی زانیاری و ناوەندیەكانی ڕێكخراو
- ستراكچەری ڕێكخراو و چۆنیەتی هەیلەكەلی ڕێكخراویی.

ئەگەرچی حزبایەتی لە كوردستان كەلتوورێكی تایبەتی هەیە، چەپ و ڕاست لە یەكتر دەچن وكاریگەریان لەسەر یەک هەیە. سوونەتەكانی ڕێكخراوەییان ئەوەندە لە پێش نین. لە واقع دا تەواو پڕ بە پێستی كۆمەلگاكەن و تەنانەت لە زۆربەی حالەتەكانی دروست بوونیاندا لەیەک دەچن و كاریگەری دەرەكیان بەسەرەوە هەیە.

تەنانەت سیستەمی ڕیكخراوەییان هەر لە ڕێكخراوەی قوتابیان و ئافرەتان (ژنان) و لاوان و مامۆستایان...هتد. هەموویان هەیانە و لەیەک دەچن. هەموویان دەستەی چەكداریان هەیە و پێشمەرگەیان هەیە. دەیان و سەدان نموونەی تر..

ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە دایكبووی كەلتووری سیاسی كۆمەلگا و میژووی سیاسی ئەحزابەكان دیاری دەكات و داگیركەران زۆر جار ئەم سوونەتانەیان فەرز كردووە، لە ئەنجامی جەرەیانی سیاسی جۆراوجۆر و دروست بوونی دەیان حزبی جۆراوجۆرو هاتنە دەرەوە و ناوەوەی كەسەكان لەم حزب بۆ ئەم حزب ئەوا كەلتوورو كاریگەریەكان لە گەڵ خۆیان دێنن و دەبەن. ئەمە جگە لە وون بوونی ڕەوتیكی مۆدێرن نەک هەر لە بیروباوەڕ بەڵكو لە سوونەت و ڕیكخراو و بوون و دەست

بەکاربوون لە بنەماوە یانی لە شوێنی کار و ژیان و مەڵبەندەکانی کار و ژیانی مرۆڤەکان. ئەم وون بوونە لە ئەنجامی فاکتەری دەرەکی و زاڵ بوونی هەژموونی کۆنەپەرستی سیاسی لە ئاستی گشتی دا ئەم مەدایەی بۆ کۆمەلانی خەڵک و چوونەسەری ئاستی هۆشیاری و حزبی و ڕیکخراوەیی نەهێشتۆتەوە. سەرکوت و خەفەقان و داگیرکردن و کوشتن و برین کەلتوورێکی لەم چەشنەی لە منداڵدانی کۆمەڵگا دا دروست کردووە. کەلتووری توند و تیژی نێو پەروەردەو خێزان و کۆمەلگا مەودای بۆ ئازادی و ڕادەربڕین نە هێشتۆتەوە. هەر بۆیەش داهێنان و چوونە پێشەوەی هەوڵەکان لەسەرەتای دەنگیان دا بە ئاسانی کپ دەکرێن.

سەرکوت لە هەموو لایەک دایە. تاکی کۆمەڵگا لە نێو تەم و غەریبدا ناتوانێ مل بەر ملی ئەم هەموو دژایەتیانە بدا. ئەدڤەنتاریزمی و تووڕەیی هەر هەیەو هەر دەمێنێ بەلام ناتوانێ هێز کۆکاتەوە و خۆی لە ڕێکخراو و حزب دا بنوێنێ چونکە هیچ ئیمکاناتی یاخی بوون و ئایندەی لە بەر چاو نیە.

ئەگەرچی ئەمانە لە قازانجی ئیستای کۆمەلگای کوردستان نین و خزمەت بە خەڵکی کوردستان ناکەن.

بۆ وەزعی ئیستای کوردستان حزبێکی جەماوەری یان گەلی باشتر دەتوانێ هیز و توانا کۆکاتەوە و بە پرۆسەکانی دیموکراسی مەوجود بە دەسەڵاتی سیاسی بگات تا حزبێکی یەک چین جا چینی کرێکار یان بورژوازی بێ.

ئەمرۆ ڕۆژێکی ترە لە مێژووی سیاسی  خەڵکی کوردستاندا، دووبارە ڕیکخراو بوون دەتوانێ ئەم ڕۆژە بۆ تەواوی کۆمەلانی خەلک ڕووناکتر بکات.

حزبێکی سیاسی یەک چین دەتوانێ بەشداری جدی بکات لە چاککردنی چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا بەلام ئایندەی دەسەلاتی سیاسی لەم پرۆسەیەی ئیستای دیموکراسی دا لێ دوورە دەستە. بەلام ئەگەر حزبێ ئەم ڕێگایە بۆ خۆی هەڵبژێرێ  دەبێ لە لای هەموو ئەندامانی بە ڕاشکاوی بانگەوازی بۆ بکات و دوایش گرتنی دەسەلاتی سیاسی لێ دەبێتە مۆمێکی بەر ڕەشەبا!!.

## بە کورتی

خۆڕێکخستنەوە یانی سەرلەنوێ بوونەوەی ڕێکخراو و دام و دەزگاکان، بە شیوەیەکی تر و ئامرازی نوێ تر و دەست بەکاربوونێکی تر. پرۆسێسەکان و ناوەندی زانیارەکان و کەلتوور و ستراکچەری ڕێکخراو لە نوێوە دەست پێ دەکەن.  خۆ ڕێکخستنەوە هەر مانای بوون بەست بوون و قەیرانەکان نیە و لە ئەنجامی ئەوانیش دەست پێ ناکات لە واقع دا

( جگە لە شکستی بەتالیۆنەکانی سەربازی لە شەڕدا).

خۆڕێکخستنەوە هەر مانای ئەوە نیە لە دام ودەزگاکاندا کە ئابووری تر یان بە  پرۆسێسی تر دەست بەکار دەبێت  یان گەندەڵی بەر تەسک دەکاتەوە، بەڵکو هیز و توانایەکی تر و خاڵی وەرچەرخانی ڕێکخراوەکانیشە.

لە لایەکی تر حزبێکی سیاسی دەتوانێ زیاتر و بە تواناتر بێتەوە مەیدان ئەگەر دان بە قەیرانەکانی دابنێ و زۆر ڕاشکاوانە بڵێ هاوڕێ یان ئەو هەنگاوەی ئێمە گرتوومانە لە گەڵ پراکتیک نا یەتەوە و ئەگەر وا بڕوا بە سەدان ساڵ یەک هەنگاو لە ستراتیژمان نزیک ناکاتەوە ، بەڵام ئەمە لە کەلتووری

سیاسی کۆمەڵگای کوردستان دا وجودی نیە. ئەوانەی خەریکی کاری سیاسینەو ئیدعای ڕابەری لە خۆیانەوە دەکەن. با یەکجار بیر لە مجازەفەکان و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی مجازەفەکان بکەن. با جارێ کارەکانی دەورەکانی ڕابەرایەتیان هەلبسەنگێنن نەک لە ڕێگای کەسانی حزبیان بەڵکو لە لایەن لێکۆلەرەوەیەکی ئازاد و دەرەوەی ڕێکخراوەکەیان. بەڵام ئەمەش لە کەلتووری سیاسی رایج دا وونە، ئینجا دەزانن چەند هەنگاو لە پراکتیکدا دوورو نزیکن و جەماوەر چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکات. ئەگەرچی پێوەری پراکتیکی لە دوا هەنگاوی دا سەنگی مەحەکە.

ئاسۆ حامدی
2007 هۆلەند